# بەشێك لە هەڵسورانەكانی وەفدی یەكێتی بێكاران لەعیراق لە وڵاتی یابان

لەسەر بانگهیشتی زینكۆZENKO كۆمەڵەی نیشتمانی ئاشتیو دیموكراتیو بزوتنەوەیMDS و چەندین ریكخراوی ئاشتیو دژ بە داگیركردن، وەفدیكی یەكیتی بیكاران UUI هەستان بە سەردانیك بۆ ولاتی یابان بۆماوەی نیوان 23ی نیسان تا 3ی ئایار بۆ توندوتۆل كردنەوەی خەباتی هاوبەش لەگەل بزوتنەوەی دژ بە جەنگو داگیركردنو دامەزراندنی كۆمەلگایەكی مەدەنی لە عیراقدا. ئەندامانی وەفدەكە پیك هاتبوون لەئاسۆ جبار بەرپرسی توری جیهانی یەكیتی بیكارانو ئەمجەد عەلی نوینەری یەكیتی بیكاران لە ئەمریكای شیمالیو هەیسەم عەلی سكرتیری یەكیتی بیكاران لەشاری كەركوك.

**كۆنگرەی رۆژنامە نوسی لە ئاوسكا**

رۆژی 24ی نیسان ئاسۆ جەبار لەیەكیك لە هۆلەكانی شاری ئاوساكا كۆنگرەیەكی رۆژنامە نوسی ریكخست، كە تیایدا دەیان رۆژنامە نوسو كەنالی تەلەفزیونی و رادیوییو پەیامنیری رۆژنامەكان ئامادەی بوون.

ئاسۆ جبار لە قسەو باسەكانیدا باسی لەوەزعیەتی سیاسی عیراقو كیشمەكیشی تیرۆریستی نیوان دووبەرەی تیرۆریستی پیك هاتوو لە ئەمریكاو هاوپەیمانەكانی لەلایەكو ئیسلامی سیاسی لەلایەكی ترەوە، وەباسی لەگرفتەكانی جەماوەری عیراق كرد لە سایەی سیناریویەكی رەشدا كەلە عیراقدا خولقاوە، بەشی دووەمی قسەو باسەكانیشی تایبەت بوو بە روداوەكانی شاری فالوجە كەچەندین هاولاتی بی تاوان تیایدا بونە قوربانی بەهۆی شەریكی بەربەری نیوان ئەمریكاو تاقمەكانی ئیسلامی سیاسیو پاشماوەكانی بەعس.

هەروەها ئاسۆ باسی لەرفاندنی رەهائنەكان كرد وەلەنیویاندا یابانیەكانیش، وەبەناوی یەكیتی بیكارانەوە ئیدانەی ئەم كارەی كردو باسی لەوە كرد كە ئەو رفینراوانە كارمەندی ریكخراوە ئینسان دۆستیەكان بوونو تەنانەت دژ بە داگیركاری ئەمریكاش بوون، كەئەمەش بەلگەیەكی ترە كە ئیسلامی سیاسی كۆنەپەرست هیچ پەیوەندیەكی نییە بە خواستەكانی جەماوەری عیراقەوە.

ئاسۆ جەبار لەبەشیكی تر لە قسەكانیدا باسی لە مەسەلەی داگیركردنی عیراقو ناردنی سوپای یابانی بەبەهانەی بەرگریكردن لەخۆیانو باس سەبارەت بەبەرەی دژ بە داگیركردنی مەدەنی كرد كە پیك هاتووە لە ریكخراوە كریكاریەكانو سەندیكاكانو ریكخراوی ئازادی ژنو داكۆكیكردن لە علمانیەتو حزبی كۆمۆنیستی كریكاریی عیراقو جەماوەری بەرفراوانی خەلك. هەروەها قسەو باس سەبارەت بە ریگاو ئاسۆی ئەم بەرە جیهانییە لەعیراقدا بۆ كۆتایی هینان بەداگیركردنو دامەزراندنی حكومەتیكی علمانیو زەمانەتی ئازادیە سیاسیەكان بۆ خەلكی عیراقو باشكردنی وەزعیەتی ژیان و گوزەرانیان لەنیویشیاندا چارەسەر كردنی كیشەی بیكاریو زەمانەتی ئازادی ژنان.

رۆژنامە بەناوبانگەكانی ئەوشارە قسە كانی ئاسۆ جەباریان بۆ رۆژی دواتر بلاوكردەوە و لەبەرنامەكانی تەلەفزیونیشدا بەشیكی زۆر لەو كۆنگرە رۆژنامە نوسیەیان بلاوكردەوە. هەروەها فلیمە وەسائقیەكانی كۆنگرەی یەكەمی یەكیتی شوراو سەندیكا كریكاریەكانی عیراقو كۆبونەوەی گشتی دامەزراندنی سەندیكا كریكارانی نەسیج لە بەغداد لەبەرنامەیەكی تەلەفزیونیدا نمایش كرا.

**بەشداری کردن لە کۆنگرەی سیهەمی لیژنەی جیهانی بۆ دادگایی کردنی تاوانبارانی جەنگ لەعیراق**

رۆژی25ی نیسان ئاسۆ جەبار بەشداری کرد لە کۆنگرەی سیهەمی لیژنەی جیهانی بۆ دادگایی کردنی تاوانبارانی جەنگ لەعیراقICTI کەتیایدا نزیکەی 400 کەس بەشداربوون، برگەکانی کۆنگرەکە پیك هاتبوو لەنمایش کردنی فلیمیك سەبارەت بەروداوەکانی ئەم دواییەی عیراق، تاوانەکانی هیزەکانی ئەمریکاو بوردومان کردنی وەحشیانەی ناوچە مەدەنیەکان لە فەلوجەو کردەوە تیرۆریستیەکانی ئیسلامی سیاسی. پاشان شانۆییەك کەلەلایەن گەنجانی دژ بەجەنگ لەشاری ئاوساکا ئامادەکرابوو، کەتییادا بەشیك لە هەلسورانەکانی ریکخراوی ئازادی ژنانو یەکیتی بیکاران دژ بەبریاری 137ی ئەنجومەنی حوکمو وتنەوەی دروشمەکانی بزوتنەوەی ژنان لە عیراقو لەنیویشیاندا شیعاری یەکسانی نیوان ژنو پیاوو دابین کردنی بیمەی بیکاری بەرجەستە کرابونەوە. لەکاتی پشوودا کۆمەلیك لەرۆژنامەکانو کەنالە تەلەفزیونیەکان هەستان بە چاوپیکەوتن لەگەل ئاسۆ جەبار سەبارەت بەوەزعیەتی سیاسی عیراقو یابانیە رفینراوەکانو پیویستی کیشانەوەی هیزەکانی هاوپەیمانان لەعیراقو لەنیویشیاندا هیزەکانی یابان.

بۆ دوای نیوەرۆی هەمان رۆژ کۆنگرەکە دریژەی بەکارەکانی خۆیدا، ئاسۆ جەبار وتەیەکی پیشکەش بەئامادەبوان کرد سەبارەت بەوەزعیەتی عیراقو کیشمەکیشمی دوو بەرەی تیرۆریستیو پیویستی کۆمەك کردن بەبەرەی ئازادیخوازو داکۆکیکەر لەمافە مەدەنیەکانی خەلکی عیراقو کاریگەری یەکیتی بیکارانو چونیەتی گەشە پیدانی ئەم ریکخراوەیە. دواتر چەند کەس لە هەلسوراوانی ریکخراوەکە قسەو باسیان کرد لەنیویاندا رۆژنامەنوسی یابانی نوناکا کە پیشتر سەردانی عیراقی کردبوو.وەهەر لەم کۆنگرەیەدا بروانامەی ریزلینان لەلایەن کۆنگرەکە پیشکەش بە یەکیتی بیکاران کرا، هەروەها چەندین دیاری تر بۆ پشتیوانی کردن لە هەولەکانی یەکیتی بیکاران پیشکەش کران.

کۆنگرەکە بە وتنەوەی چەندین سرودو گورانی شۆرشگیرانەو سەمای دژ بەجەنگ کۆتایی بەکارەکانی هینا. پاشان وتەیەك بۆ پشتیوانی کردن لە بزوتنەوەی کریکاریو یەکیتی بیکاران پیشکەش کرا، هەروەها فلیمیکی بەلگەیی پیشکەش بە ئامادەبووان کرا سەبارەت بەچۆنیەتی هەلسوو کەوتی هیزەکانی ئەمریکا لەبەرانبەر بزوتنەوە نارەزایەتیەکان.

بۆ ئیوارەی هەمان رۆژ ئاهەنگیکی بەخیرهاتن بۆ نوینەری یەکیتی بیکاران ریکخرا بە ئامادەبوونی زیاتر لە 60 کەس لە هەلسوراوانی لیژنەی ئاشتی لەیابان، کە تیایدا ریکخەرانی بەرنامەکە تەئکیدیان لە خەباتی هاوبەش کرد لەپیناو ئاشتیو کۆتایی هینان بە داگیرکردن لە عیراقدا، هەروەها ئاسۆ جەبار سوپاسی کردن بۆ بانگهیشت کردنی وەفدەکە بۆ یابانو بانگەوازی کردن بۆ کارکردنی هاوبەش. هەرلەم بەرنامەیەدا چەندین یادگاری پیشکەش بەنوینەری یەکیتی بیکاران کراو ئەندامی شارەوانی کوبە بەخیرهاتنی ئاسۆ جەباری کردو سوپاسی کرد بۆ سەردانی یابان.

دوای کۆتایی هاتنی ئاهەنگەکە ئاسۆ میوانداری کرا بۆ چاوپیکەوتن لەگەل بزوتنەوەی گەنجانی دژ بەشەرو داگیرکردن. کات ژمیر 7ی ئیوارەچاوپیکەوتن کرا لەگەل 50 هەلسوراوی شاری ئاوساکا، کە تیایدا ئاسۆ باسی لەهەلومەرجی سیاسی عیراق و شیوەکاری یەکیتی بیکاران بۆ ئامادەبووان کرد.

کۆمەلیکی زۆر لەگەنجەکان چەندین لافیتەیان ئامادە کردبوو کە شیعاراتی پشتیوانی لە خەلکی عیراقی لەسەر نوسرابوو وەدواتر وەك یادگار پیشکەشی نوینەری یەکیتی بیکارانیان کرد.

**سمیناریکی هاوپشتی لە ئاوساکا**

رۆژی 26ی نیسان ئاسۆ جەبار بەشداری کرد لە سمیناریکی هاوپشتی لەگەل کریکارانی شاری ئاوساکا لە بەشی کانسای، کەزیاتر لە 50 کەس ئامادەی ببون. سەرەتای بەرنامەکە بە سرودیك دەستی پیکرد لەلایەن تیپی میلی بۆ هاوپشتی لەگەل بزوتنەوەی ئازادیخوازی و بەرەی سکۆلاریزم لەعیراق.
پاشان چەندین ووتە لەلایەن هەلسوراوان و رابەرەکریکاریەکان و نوینەرانی ریکخراوە کریکاریەکان پیشکەش کرا سەبارەت هەلسورانەکانی بزوتنەوەی دژی شەرو زەرورەتی کیشانەوەی هیزەکانی هاوپەیمانان لە عیراق. پاشان ئاسۆ جەبار ووتەیەکی پیشکەش بەئامادەبووان کرد سەبارەت بەوەزعیەتی عیراق و ریگا چارەی دەرباز بوون لە سیناریویەکی رەش کە لە عیراقدا دەگوزەری. هەر لەم کاتانەدا ئەمجەد عەلی نوینەری یەکیتی بیکاران لە شیمالی ئەمریکا گەیشتە شاری ئاوساکا، وە لە وتەیەکیدا سوپاس‌و بەخیرهاتنی ئامادەبوانی کرد. لە کۆتاییشدا وینەیەکی گەورە لەلایەن کریکارانی ئاوساکاوە پیشکەش بە نوینەرانی یەکیتی بیکاران کرا وەك رەمزیك بۆ پشتیوانی کردن لە کریکارانی عیراق.

**سەردانی هیرۆشیما**

رۆژی 27 ی نیسان وەفدەکە سەردانیکی شاری هیرۆشیمای کرد کە لەسالی 1945دا روبەروی بوردومانی ئەمریکی بۆتەوە بە بۆمبی ئەتۆمی. وەفدەکە سەردانی گەلەری هیرۆشیمای جیهانی‌و باخی ئاشتیان کرد کەلە شوینی کەوتنی بومبە ئەتۆمیەکە دروست کراوە. دواتر کەنالی تەلەفزیونی هیرۆشیما چاوپیکەوتنیکیان لەگەل ئەندامانی وەفدەکە کرد سەبارەت بە هەلومەرجی سیاسی عیراق‌و بوردومانی کیمیاوی شاری هەلەبجە لەلایەن رژیمی بەعسی فاشی لەسال 1988 دا.
ئیوارەی هەمان رۆژ ئەندامانی وەفدەکە بەشداریان لە کۆبونەوەیەکی هاوپشتیدا کرد لەگەل کریکارانی هیرۆشیما. سەعات 6:30 کۆبونەوەکە دەستی بەکارەکانی کرد بە وتاریك لەلایەن بەریوبەری بەرنامەکە، (پاشان یوکیو یوکوهارا ) هەلسوراوی بەناوبانگی جیهانی دژ بە چەکە ئەتۆمیەکان وتەیەکی پیشکەش کرد سەبارەت بە هەلومەرجی سیاسی عیراق‌و بەشداری هیزە سەربازیەکانی یابان لەداگیرکردنی عیراق لەلایەن ئەمریکاوە. پاشان ئەمجەد عەلی لە وتەیەکدا باسی لەبەرەی سکۆلارو ئازادیخوازی نیو عیراق کرد کە ریکخراوە کریکارییەکان و ژنانی پیشکەوتن خواز و حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق نوینەرایەتی دەکات. لە بەشی دووەمی برگەکانی بەرنامەکە ئاسۆ جەبار وتەیەکی پیشکەش کرد سەبارەت ئاسۆی دەرباز بوون لە سیناریویەکی رەش کە لە عیراقدا دەگوزەری. وە بەدریژی باسی لە هەولەکانی یەکیتی بیکاران کرد بۆ چارەسەری کیشەی بیکاری لەعیراقدا. پاشان دووئەندامی لیژنەی جیهانی دادگایی کردنی تاوانبارانی جەنگی عیراق قسەو باسیکیان پیشکەش کرد سەبارەت بە کۆبونەوەی دادگای جیهانی جەنك کەلە برۆکسل سازدرابوو لەرۆژانی 14 تا17 ی نیسان، وەبەشداری وەفدی یابان لەو دانیشتنانە. لە کۆتاییدا ئەندامانی وەفدەکە چاوپیکەوتنیکی رۆژنامەگەریان سازدا لەگەل رۆژنامەی **The Ashai Shimbun** سەبارەت بە بانگەوازی یەکیتی بیکاران بۆ دانیشتوانی هیرۆشیماو یابان.

**سەردانی وەفدی یەکیتی بیکاران بۆ کیوتو**

رۆژی28ی نیسان ئەندامانی وەفدەکە سەردانی شاری کیوتوی یابانیان کرد، سەعات پینجی ئیوارە چاویان کەوت بەکریکارانی پیل و ئەندامانی سەندیکاکەیان، لە کۆبونەوەیەکدا کەزیاتر لە400 کەس ئامادەی ببون ئاسۆ جەبار

قسەو باسیکی پیشکەش کردن سەبارەت بە هەلومەرجی کریکاران و بیکارانی عیراق و زەرورەتی هاوپشتی کردنی کریکارانی عیراق لە پیناو دابین کردنی ژیانیکی شایستە بۆیان. وە لەلایەن ئامادەبوانەوە بە گەرمی پیشوازی لیکرا.

**کۆبونەوەیەکی جەماوەری لە کیوتو**

لە کۆبونەوەیەکدا کە هەمان رۆژ لەلایەن لیژنەی تەنفیزی لیژنەی جیهانی دادگایی کردنی تاوانیارانی جەنگ لە عیراق ریکخرابوو، وە نزیکەی 100 کەس ئامادەی ببون. ئەندامانی وەفدەکە قسەو باسیکیان پیشکەش بە ئامادەبووان کرد سەبارەت بە هەلومەرجی عیراق و بەرنامەکانی یەکیتی بیکاران بۆ چارەسەر کردنی کیشەی بیکاری لە عیراقدا. لە کۆتاییدا چەند دیاریەك پیشکەش بە ئەندامانی وەفدەکە کرا، کەبریتی بوون لە چەند وینەیەك کەلەلایەن مندالانی شاری کیوتو کیشرا بوو.

**سەردانی وەفدەکە بۆ توکیو**

رۆژی 29ی نیسان ئەندامانی وەفدی یەکیتی بیکاران سەردانی شاری توکیو یان کرد. وە هەرهەمان رۆژ بەشداریان لەو کۆنگرەیەدا کرد کە بزوتنەوەی لە پیناوی دیموکراتی و سوسیالستی یابان ریکیخستبوو، کە ریکخراویکی سیاسی چەپە لەسالی 2000 دا دامەزراوە.
کۆنگرەکە سەعات یەکی پاش نیوەرۆ دەستی بەکارەکانی کرد، وە کورتەیەك لە خەباتی یەکیتی بیکاران و هەلویستی هیزەکانی ئەمریکا لەبەرانبەریداوگرتن و زیندانی رابەرانی یەکیتی بیکاران و لەنیویشیاندا قاسم هادی سکرتیری ریکخراوەکە. هەروەها باس لە شیوازە خەباتکارانەکانی ئەم ریکخراوەیە کرا بۆ روبەروبونەوەی دیاردەی بیکاری لە عیراق، پاشان چەند برگەیەك لەو بەلگە نامەیە خویندرایەوە کەلەلایەن کەمپەینی جیهانی دژ بە داگیرکاری و داکۆکی کردن لەمافەکانی کریکاران پیشکەش بە ریکخراوی نیودەولەتی کار کرابوو لە جنیف.
پاشان سەرۆکی ریکخراوی ناوبراو لەوتەیکیدا دژ بە سیاسەتە کانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لەعیراقدا باسی لەگرنگی دروست بوونی بەرەیەکی جیهانی کرد بۆ رزگار کردنی جەماوەری عیرا ق لە جەنگ و وەزعیەتیکی نا ئاسایش و نالەبار کە توشیان هاتووە.
دواتر وەفدی یەکیتی بیکاران باسیکیان پیشکەش بە ئامادەبووان کرد سەبارەت بە هەلومەرجی ئیستای عیراق و، وەزعیەتی ژنان و مندالان و لاوان و دەورو نەخشی سلبیانەی هیزەکانی ئیسلامی سیاسی لە عیراقدا.
پاشان چەندین دیاری پیشکەش کرا بە ئەندامانی وەفدی یەکیتی بیکاران لەلایەن چەندین ریکخراوی جیاجیاوە وەك کۆمیتەی بەرگریکردن لە مافەکانی مندالان، لیژنەی جیهانی دادگایی کردنی تاوانبارانی جەنگی عیراق، ریکخراوەکانی بەرگریکەر لە ئاشتی.
پاشان چەندین کۆپلە مۆسیقای دژ بە جەنگ نمایش کرا کەلەلایەن کۆمەلیك گەنجی شاری تۆکیۆوە ئامادەکرابوو و گۆرانی ژنیکی عیراقی کە داوا لە سەربازە ئەمریکیەکان دەکات بۆ جیهیشتنی عیراق.
دواتر وتەیەك لەلایەن کۆمەلەی ئەندەنوسی بۆ پشتیوانی کردن لە هاولاتیان پیشکەش کراو لە کۆتاییشدا ووتەی کەمپەینی جیهانی دژ بە بەکارهینانی چەکە کۆکوژەکان خویندرایەوە کە تیایدا بانگەواز قەدەغە کردنی بەکارهینانی ئەم چەکانەی دەکرد.

**هەیسەم عەلی لە تۆکیۆ**

رۆژی 30 ی نیسان هەیسەم عەلی سکرتیری یەکیتی بیکاران لە کەرکوك گەیشتە شاری تۆکیۆ. هەمان رۆژ سەعات 10 ئەندامانی وەفدی یەکیتی بیکاران چاویان کەوت بە چەندین بەرپرسی بالای بزوتنەوە لە پیناوی دیموکراتی و سوسیالستی یابان کە پیك هاتبوون لە کازویوشی سەرۆکی ریکخراوەکە و جیگرەکەی ۆ کوتسوزا دایزو سکرتیری گشتی، اسای کینجی سەرنوسەری رۆژنامەی هەفتانەیweekly MDS چەندین کەسایەتی تر. لەم دانیشتنەدا باس لە پەیوەندی نیوان دوو ریکخراوەکەو چۆنیەتی پەرەپیدانی ئەم پەیوەندیەو دەوری ئەم ریکخراوەیە لە پشتیوانی کردنی بزوتنەوەی ئازادیخوازی و چەپ لە عیراقدا لە پیناو کۆتایهینان بە هەلومەرجی سەختی ئیستای هاولاتیان کرا. لەم دانیشتنەدا هەیسەم عەلی گوزارشیکی دریژی سەبارەت بە ئاخرین گورانکاریەکانی عیراق پیشکەش بە ئامادەبووان کردو کۆبونەوەکە سەرکەوتوانە کۆتایی بە کارەکانی هینا.

**کۆریك لە تۆکیۆ**

ئیوارەی هەمان رۆژ کۆریك لەشاری تۆکیۆ سازدرا، کەدەیان کەس لە ئاشتیخوازان و ریکخراوە ئاشتیخوازەکانو چەندین رۆژنامە نووس ئامادەی بوون، سەرەتا بەخیرهاتنی وەفدی یەکیتی بیکاران کرا، پاشان فلیمیك نمایش کرا سەبارەت بەچالاکی و هەلسورانەکانی ریکخراوە ئاشتی خوازەکان دژ بە حکومەتی یابانی. پاشان هەیسەم عەلی قسەو باسیکی پیشکەش بە ئامادەبوان کرد سەبارەت بە هەلو مەرجی ئیستا عیراقو ریگا چارەی خەلکی عیراق بۆ دەرباز بوون لەم وەزعیەتە. بەشیکی تری هۆلەکە پیشانگایەکی وینەی فۆتۆگرافی بوو، کە هەلسورانەکانی یەکیتی بیکارانی بەغدا و کرکوکی تیایدا نمایش دەکرا. دوای زیاتر لە دوو سەعات کوبونەوەکە کۆتایی پیهات بە چەپلە ریزان و هیوای سەرکەوتن بۆ ئەندامانی وەفدەکە.

**یەکی ئایار لە تۆکیۆ**

رۆژی یەکی ئایار هاوریٚیان ئەمجەد عەلیو هەیسەم عەلی بەشداری چەندین چالاکی جۆراوجۆریان کرد، هەروەها بەشداریان لەو خۆپیشاندانە گەورەیەدا کرد نزیك (6000 کەس ئامادەی ببون) کە لەلایەن سەندیکا کریکاریەکانی تۆکیۆ لە هابیفاویوفوکی لەسەر بانگەوازی بزوتنەوە لە پیناوی دیموکراتی و سوسیالستی سازدرابوو. وە تیایدا ئەمجەد عەلی وتەیەکی پیشکەش بە ئامادەبووان کردو پەیامی پیرۆزبایی کریکارانی عیراقی بە بۆنەی یەکی ئایارەوە بە ئامادەبوان و چینی کریکاری یابان راگەیاند و بەچەپلەی گەرمی ئامادەبووان پیشوازی لەوتەکەی کرا.

**کۆریك لە تۆکیۆ**

هەر هەمان رۆژ وە لەسەر بانگهیشتی ریکخراوی دژ بە عەولەمەی یابانی وەفدی یەکیتی بیکاران پیك هاتوو لە ئەمجەد عەلی و هەیسەم عەلی لە دوو کۆردا بەشداریان کرد، یەکەمیان سەبارەت بە دەورو نەخشی یەکیتی بیکاران لە ریخستنی زیاتر لە چارەکە ملیونیك بیٚکار لە ماوەی چەند هەفتە لەسەرەتای دامەزراندنیدا....، دووەم کۆریش سەبارەت بە کارکردی راگەیاندنی بۆرجوازی لەسەر هەلسورانەکانی یەکیتی بیکاران لەعیراق.

**کۆریك لە ئاوساکا**

رۆژی 2ی ئایار وەلەسەر بانگەوازی ریکخراویMDS کۆریك لەشاری ئاوساکا ریکخرا بۆ وەفدی یەکیتی بیکاران کە زیاتر لە 250 کەس ئامادەی ببون، کۆرەکە سەبارەت بە هەلومەرجی ئیستای عیراق و دەورو نەخشی هیزە سکولارو چەپەکان بوو، کە پیك هاتوون لە ریکخراوە کریکاریەکان و ریکخراوی ئازادی ژن و حزبی کۆمۆنیستی کریکاری

**عیراق‌و ریکخراوی بەرگری لە علمانیەت. لەکۆتایی کۆڕەکەش لیژنەیەك راگەیەنرا بۆ پشتیوانی کردن لە جەماوەری عیراق. پاشان چەندین دیاری پیشکەش بەوەفدی یەکیتی بیکاران کرا بۆ گەیاندنی بە هەلسوراوانی ریکخراوەکە لە عیراق**

**رۆژی 3ی ئایار رۆژنامەی MDS چاوپیکەوتنیکی لەگەل وەفدی یەکیتی بیکاران سازدا سەبارەت بە هەلومەرجی ژیان و گوزەرانی بیکاران لە عیراق و هەول کۆششی یەکیتی بیکاران بۆ ریکخستنیان و بە دەست هینانی داخوازیەکانیان.**